KURDISCH SORANI




### ئاگانامە

# فرەزمانی لە نێو خێزان دا

منداڵەکەتان فرەزمان مەزن دەبێت؟ پیرۆزباییتان لێدەکەین: بەمجورە شانسێکی تایبەت بە منداڵەکەتان دەدەن! ئەو منداڵانەی لە ژینگەیەکی فرەزمانی دا مەزن دەبن، بەبێ کۆشش زمانێکی دیکە فێر دەبن. ئێوە دەتوانن بۆ ئەم ئەرکە پشتیوانی منداڵەکەتان بکەن.

# فرەزمانی لە نێو خێزان دا

**دەبێت کام زمان لە ماڵەوە ئاخافتنی پێ بکرێت؟ - زمانی زگماکی دایك و باوك!**

گەلێك جار باشە، ئەگەر دایك و باوك یان ئەندامانی دیکەی خێزان لەگەڵ منداڵەکانیان دا بەو زمانە خافتن بکەن، کە توانایيان پەيڤینیان هەیە یان بە دڵنیاییەوە لە یەکتر تێدەگەن. گەلێك جار ئەو زمانەش، زمانی دایکە. منداڵەکەتان ئێوەیان بۆ زمانی دایك وەك نموونە پێویستە، هەتا بتوانن وەریبگرن. هاوکات زمانی دایك مەرجەێکی باشە بۆ فێربوونی زمانی دیکە.

**منداڵان زمانەکانیان تێکەڵ دەکەن و لێیان تێکدەچێت!**

ەل ،نبەد رێف یێون یكێنامز ەك ،یەناڵادنم وەل ەیین ریەس
ەناڵەە وەئ راجرۆز .نەكەد وارکیرایدی كەیەڵەە دنەچ اد اتەرەس
رەسەل یناملەئ ینووبریێف ۆب ناكەڵادنم ەك ،نەخەدیرەد
،نڤیەپەد یناملەئ ەب ناڵادنم كێتاك ەل :نتسار یكەییاگێڕ
:ننێەانراكەب ەشو یرادرك ەنێو ۆب
(„gib mir das Blatt“ نێڵب جیاتی ەل „gib mir Blatt“)
:نەكەد اد یدنەویەپ یزارمائ ەل ەڵەە نای
(„auf dem Baum“ نێڵب جیاتی ەل „bei Baum“)
نامز وودرەە ژێردوروود یكەیەوام ۆب و ناكەنامزەرف ەڵادنم راجرۆز
.ەمن یBall وەئ ،ەنێو ۆب ،نەكەد ڵەكێت
.ناكەییینامز ەییاناوت ینتشیەگێپ ۆب ەیەژامائ شەوەئ

رایسرپ ننواوتەد اوەئ ،ەیەە ناتراییسرپ نای نمارائان ەوێئ رەگەئ
ناتەكەڵادنم یكشیزپ نای نایاواس یزاڕ یناكەداد ەل
یراگژۆمائ و یتەمرای ننواوتەد ەوەناوەل .نەكب
.نرگبرەو تسیوێپ

**سەردانی بەردەوامی دایەنگا و ڕازی ساوایان بۆ فێربوونی ئەڵمانی یاریدەدەرە!**

خەم هەڵمەگرن، کە کاتێك منداڵەکەتان لە یەکەمی ڕۆژی سەردان بۆ دایەنگا یان ڕازی ساوایان هێشتا زمانی ئەڵمانی نازانێت. بەڵام
ئێوە هەر بەردەوام بن، لەگەڵ منداڵەکەتان دا بە زمانی دایك قسە بکەن.
منداڵەکەتان ئەڵمانی لە ئاکامی پەیوەندی لەگەڵ دادەکان و منداڵانی دیکەی دەستگا دا فێر دەبێت.
بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش زۆر گرنگە، کە منداڵەکەتان بە بەردەوام سەردانی ڕازی ساوایان بکات. تا چەند زۆر منداڵەکەتان لەگەڵ منداڵانی زمان ئاخافتوو بە ئەڵمانی تێکەڵ ببێت - بۆ وێنە یاری کردن لە ڕازی ساوایان، شوێنی گەمەکردن یان لە یانەکانی وەرزشی دا - ئەوا خێراتر و بەشێوەیەکی سروشتیانە فێری زمانی ئەڵمانی دەبێت.



**ئاخافتن ئاسوودەی دەبەخشێت!**

تا بۆتان دەکرێت لەگەڵ منداڵەکەتان لەسەر بەسەرهاتەکانی ڕۆژانەیان قسە بکەن. چیرۆکیان بۆ باس بکەن، پەرتووکیان بۆ بخوێنەوە یان پێکەوە یاری بکەن. گرنگ نییە، کام شێواز لە ئاخافتن هەڵدەبژێرن، هەستێکی ئەرێنی دەبەخشێتە منداڵەکەت، کاتێك بەسەرهاتەکان و ئەزموونەکان لەگەڵ زمانی دایك دا پێکەوە دەبەستنەوە و بەمجۆرە پاڵپشتی لە گەشەکردنی زمانەکەی دەکەن.

**منداڵەکەم لە ناوکاو تەنها ئەڵمانی دەپەیڤێت!**

هەندێك خێزان باس دەکەن، کە جار هەیە، کە تێیدا منداڵەکانیان تەنها ئەڵمانی قسە دەکەن و ناخوازن بە زمانی خێزان بدوێن. ئەوە هۆکار نییە بۆ خەمخواردن. ئێوە بە بەیابەخ بەردەوام بە زمانی خۆتان قسە لەگەڵ منداڵەکەتان بکەن. منداڵەکەتان وەکو گوێبیستیش دەتوانێت گەشەی بە زمانەکەتان بدات و بە دڵنیاییەوە دواتر دیسانەوە قسە دەکات.

**مەزن بوون لەگەڵ فرەزمانی شانسێکە!**

لە فرەزمانی دا دەتوانن پاڵپشتی منداڵەکەتان بکەن. بە جۆرێك، کە بواری بۆ لەبار بکەن، هەتا لە زیندووی زمانەکەی لە چەند هەلی جیاواز دا بۆی دەربکەوێت و بەکاری بهێنێت. زمانی دایکتان و کەلتوورەکەتان، هەروەها زمانی ئەڵمانی دەرموەی ماڵ دەبێت بۆ منداڵەکەتان بەیاخدار بێت. هەڵوێستی بایەخدار بۆ هەموو زمانەکانی منداڵەکەتان مەرجێکی گرنگە، هەتا منداڵەکەتان بزوێندراو بێت، زمانەکانی بەکاربهێنێت و لێهاتوویە زمانەوانییەکانی - زمانی دایك و زمانی نوێی ئەڵمانی - فراوان بکات. بەمجۆرە منداڵەکەتان بە باشی بۆ ڕازی ساوایان و خوێندنگا ئامادە دەکەن.